KCCRC

Terrorism & Security Studies TSS

# ئایندەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە سایەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکاندا




زنجیره بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٨١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# ئایندەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە سایەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکاندا

د.ئیبراهیم سەعید، د.فوئاد عەلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٨١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئازاری ٢٠٢٠

# ئایندەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە سایەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکاندا

د.ئیبراهیم سەعید، د.فوئاد عەلی

## پێشەکی

لە ئێستادا میدیا پەیوەستە بە پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانی جەماوەرەوە، جەماوەریش خۆیان بەسەر گرووپ و بیروڕای جیاواز و پارتی سیاسی جیاواز دابەشبوون و ئەلتەرناتیڤی میدیایی زۆریشیان لەبەردەستدایە و بە دوای زۆرترین سەرچاوەی میدیاییدا دەگەڕێن، بۆیە لە ئێستادا میدیا بە گشتی و میدیای پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی جیاواز لە قۆناغی پێشوو گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، چونکە ئەگەر جەماوەر بۆچوونی نەرێنی لەسەر هەر نێرەرێک، یان خودی حزبەکە، یان سەرکردایەتییەکەی هەبێت، ئەوا پەیامەکەی نابێتە جێگەی سەرنجی و کاریگەری مەعریفی و ڕەفتاری لە سەر دروست ناکات، بۆیە واباشە بە شێواز و ئەلتەرناتیڤی تر پەیامە سیاسییەکان پەخش و بلاوبکرێنەوە. دەبێت پەیامی میدیای پارتە سیاسییەکان لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بیرکردنەوە و حەز و باری سایکۆلۆژی جەماوەردا بن، ئەم توێژینەوەیە ئاوڕدانەوەیەکە لە دۆخی میدیای پارتە سیاسییەکان لە قۆناغی ئەمڕۆماندا، هەوڵدەدا وەڵامی ئەو پرسیارە ، ئایا میدیای پارتە سیاسییەکان بەرەو کوێ دەڕۆن و شێوازی تازەی کارکردنیان چۆنە؟

دەروازەیەک بۆ میدیای پارتی سیاسی

میدیای پارتی سیاسی بەو میدیایە دەوترێت کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی توێژێکی دیاریکراو، کە برێتین لە ئەندامانی پارتێکی سیاسی، ئەو بەرژەوەندییەش دەبەسترێنەوە بە جەماوەرەوە و لە ڕێگەی ئەو میدیایەشەوە سیاسەت و ئامانج و بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆجیای ئەو پارتە سیاسییە بڵاودەکرێنەوە(١).

لە نێوان پارتە سیاسییەکان و میدیادا پەیوەندییەکی بەتین هەیە، هەندێک جار پارتە سیاسییەکان میدیای تایبەت بە خۆیان هەیە، هەندێک جاریش میدیایەک لە دەرەوەی خۆیان بەکاردێنن لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پارتە سیاسییەکان بە مەبەستەوە ئایدۆلۆجیا و ئامانج و جیهانبینی خۆیان لەگەڵ ئاڕاستەیەکی گشتی نیشتمانی ئاوێتە دەکەن و لەچوارچێوەی دیگای خۆیانەوە جەخت لە ڕووداوەکان دەکەن، تا ڕایگشتی بە ئاڕاستەی گوتاری سیاسی خۆیان بگۆڕن، لە نێوان چەردەیەک لە ڕووداو و بابەت و کێشەدا، ئەو بابەت و کێشانە هەڵدەبژێرن کە گونجاوە لەگەڵ بیر و هزر و ئایدۆلۆجیایاندا، تا بایەخبەندی تاک و کۆمەڵ بەرەو خۆیان ڕابکێشێن، کەواتە میدیای پارتە سیاسییەکان ڕۆڵەکەی برێتییە لە گواستنەوەی ئامانجەکانی حزب بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت(٢).

تایبەتمەندی میدیای پارتە سیاسییەکان

میدیای پارتە سیاسییەکان بە یەک شێوە و فۆڕم خۆیان دەرناخەن، لە ڕووی خاوەندارێتییەوە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پارتێکی سیاسی خاوەندارێتی دەکات، هەندێکی دیکەیان بە ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کەسایەتییەک، یاخود هێڵێکی فیکری نزیک لە پارتێکی سیاسی، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە میدیای پارتە سیاسییەکان زیاد لە شێوازێک بەکاردێنن، هەندێکیان جەختکردنەوەی پۆزەتیڤە، واتە باس لە سەرکەوتنەکانی پارت و خاڵە بەهێزەکانی دەکات و بانگەشە و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکات، هەندێکی دیکەشیان شێوازی ڕەخنەیی شیکارییە، کە باس لە خەوشەکانی حزبەکانی تر دەکات، بەتایبەت ئەگەر لە دەسەڵاتدا نەبێت ئەوا بەردەوام بە گوتاری ڕەخنەییەوە باس لە حزبی دەسەڵاتدار دەکات. لە

هەموو دۆخێکیشدا میدیای پارتە سیاسییەکان شێوازی سازاندن و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی لە چوارچێوەی دیدی حزبییەوە دەبێت و دەچێتە چوارچێوەی جیهانبینی و بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکەوە(٣). پارتە سیاسییەکان جا لە دەسەڵاتدا بن، یان ئۆپۆزسیۆن پێویستیان بە میدیا هەیە تا خۆیانی پێ بناسێنن و ئامانجەکانیان بۆ جەماوەر نیشان بدەن، بەو پێیەی باشترین ئامرازە بۆ دروستکردنی ڕایگشتی، بەڵام میدیای پارتەکان بە گوێرەی کات و شوێن و جیاوازی سیستمە سیاسییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە تایبەت لە قۆناغی ئەمڕۆماندا و لەگەڵ گەشەکردنی

> **گەشەکردنی سۆشیال میدیا بۆتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم میدیای پارتە سیاسییەکان و میدیای ئاڕاستەکراوی فەرمی دەوڵەتەکان**

تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان و فەراهەمبوونی زیاد لە ئەلتەرناتیڤێکی میدیایی، میدیای پارتە سیاسییەکان بەشێوە تەقلیدییەکەی بۆشاییەکی گەورەی لە نێوان خۆی و میدیاکانی تردا دروستکردووە، دیارترینیان گوتاری سیاسی پڕوپاگەندەیی بۆ پارتەکانیان، متمانەی لە نێوان نێرەر و وەرگر لاواز کردووە، بۆیە زۆر جار وەرگر ئەو میدیایە بە جێگەی متمانەی خۆی نازانێت و بە دوای زانیاری و هەواڵی ڕاست و متمانە پێکراو دەگەڕێت، کە زۆر بە ئاسانی بەدەستیدەهێنن(٤).

بەو پێیەی ئەرکی هەموو پارتێکی سیاسی گەیشتنە بە دەسەڵات بۆیە هەمیشە میدیا یەکێک بووە لەو ڕیگایانەی پارتە سیاسییەکان گرتویانەتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیان، بە تایبەت لەگەڵ گەشەکردنی ڕۆژنامە و ڕادیۆ لەسەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست، میدیای پارتە سیاسییەکان جا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوبێت، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری گەورەی کردە سەر هزری خەڵک و شوێنەواری لەسەر ئاڕاستە و ڕەفتار و بیروباوەڕی دانا، کە سەرەنجام بە بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان شکایەوە و بووە هۆکارێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بۆ نمونە سەرکەوتنی پارتی نازی لە ئەڵمانیا و گرتنە دەستی دەسەڵاتی وڵات لە لایەن ئەدۆلف هیتلەر ساڵی ١٩٣٣ و بردنەوەی جۆن کەنەدی کاندیدی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ١٩٦٠ ناکرێت باسیان بکرێت بە بێ ڕوشنایی خستنە سەر ڕۆڵی میدیا و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر دەنگدەران دروستی کردبوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیا ئامڕازێکی گرنگە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت شێوازی بەکارهێنانی میدیا لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە بە گوێرەی سیستمی سیاسیی و ئایدۆلوجیای باوی دەوڵەتان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام هەموو میدیای پارتە سیاسییەکان پەیوەستە بە بەرژەوەندی توێژێکی دیاریکراو لە حزبدا، کە کار لەسەر ئەوە دەکات بیروباوەڕ و ئامانجەکانی حزب لەو ڕێگایەوە بە جەماوەر بگەیەنێت(٥).

### گرنگی میدیا بۆ پارتە سیاسییەکان

پەنا بردن بۆ میدیا بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو بووە لە خەباتی پارتە سیاسییەکاندا، جا ئەگەر ئەو خەباتە لە سایەی ژینگەیەکی دیموکراسیدا بوبێت، یاخود لە چوارچێوە خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە، بۆ نمونە ناکرێت باس لەسەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسی بکەین تا باس لەو ڕۆڵە بەرچاوە نەکەین کە ڕۆژنامە لەو قۆناغەدا گێڕاویەتی، تەنانەت لە بزاوتە سیاسییە

بۆرژوازی و وردە بۆرژوازییەکانیشدا ئەوانەی سیمایەکی شۆڕشگێڕانەیان پێوە دیار نییە هەمیشە میدیا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و میدیا توانیویەتی هەژموونی خۆی بسەپێنێت و لە نێو جەماوەردا بیروبۆچونە سیاسییەکان بڵاوبکاتەوە.

سەدەی بیست بە قۆناغی زێڕینی میدیای پارتە سیاسییەکان دادەنرێت، بە تایبەت دوای سەرکەوتنی دیدی شۆڕشگێڕانەی مارکسی، بەو پێیەی لینین وەک سەرکردەی پارتی بەلشەوی و شۆڕشی بەلشەویەکان و دامەزرێنەری یەکێتی سوڤێت بڕوای تەواوی بە پەیوەستکردنی ڕۆژنامەوانی بە کاری سیاسییەوە

**"گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە زادەی گۆڕانی دۆخی سیاسی و گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکانە"**

هەبووە، لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی چەند پارتێکی تۆتالیتاری و تاکڕەو لە هەندێک وڵاتدا بە تایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم میدیای پارتی سیاسی دەسەڵاتدار دروست بوو، لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاواش ئەوانەی خاوەن سیستمێکی دیموکراسیی بوون جۆرێکی تری میدیای پارتە سیاسییەکانی هاتە ئاراوە، کە بە میدیای ناڕاستەوخۆی پارتە سیاسییەکان ناوزەد کرا، هەموو ئەمانە وایان کرد پارتە سیاسییەکان خاوەنی میدیای تایبەت بە خۆیان بن، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ، تا لە ڕێگەیانەوە ئاڕاستە و ئایدۆلۆجیاکانیان بڵاوبکەنەوە و دواجار کاریگەری لەسەر ڕایگشتی دروستبکەن و وێنەی ئەرێنی خۆیان بۆ جەماوەر بڵاوبکەنەوە و وێنەی هزری جەماوەریش بگۆڕن(٦).

پەیوەندی نێوان میدیا و پارتی سیاسی، پەیوەندییەکی لێکدراوە و ناکرێت لێک جیا بکرێنەوە، چونکە هەموو کارێکی سیاسیی هەڵگری پەیامێکی میدیاییە، پارتە سیاسییەکانیش ناتوانن بە بێ میدیا دەسەڵات بگرنە دەست، ئەو دەمەی پارتێکی سیاسی دەسەڵات دەگرێتە دەست میدیا دەبێتە ڕەنگدانەوەی ژینگەی سیاسی و ناوخۆیی بەپێی بیری سیاسی پارتە سیاسییەکە، بەڵام لە کۆی گشتیدا بەبێ میدیا پارتە سیاسییەکان دەکەونە دەرەوەی ڕووداو و بازنەی سیاسی، چونکە ئامانجی پارتە سیاسسیەکان هێندەی هەوڵدانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و جوانکردنی سیمای خۆیان، هێندە بە دەنگەوە هاتن و تێرکردنی خواستی وەرگرەکانیان نین(٧).

پارتە سیاسییەکان میدیا بەکاردێنن تا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و لە ڕێگەیەوە شەڕی دەروونی، ئابووری، سیاسی و پڕوپاگەندەیی دژی نەیارەکانیان بەرپا دەکەن، سەرەنجام ڕایگشتی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاڕاستە دەکەن بە تایبەت لە کاتی قەیرانە ئابووری، سیاسی، ئەمنی و سەربازییەکان و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە هەر پارتێکی سیاسی بیەوێت چەمک و بەها ئایدۆلۆجییەکانی ئاڕاستەی جەماوەر بکات ناچارە پەنا بۆ میدیا بەرێت، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانرێت کە پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانن خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکەن، بە تایبەت کاتێک وەک چاودێری بەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە بەکاری دەهێنن، هەروەک ئەو میدیایە دەتوانێت بەرگری لە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی پارتە سیاسییەکان بکات، جا لە دەسەڵات بێت، یان لە دەرەوەی دەسەڵات و هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر بدات بە

مەبەستی قایل کردنیان بە بەرنامە و ئایدۆلۆجیای پارتەکە(٨) .

ئامانج لە بەرکارهێنانی میدیا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە:

پارتە سیاسییەکان میدیا بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێک، دیارترین ئەو ئامانجانەش دەتوانین بەم شێوە بخەینەڕوو:(٩)

١- دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕایگشتی و ئاڕاستەکانی بە گوێرەی دیدگای پارتەکە، ئەمە لە ڕێگای سیمبولە ئایدۆلۆجی و سیاسییەکانی پارتەکەوە دەبێت کە مارکێتینگی بۆ دەکرێت، پەیامە میدیاییەکانیش برێتین لە بەها و بیروباوەڕەکان، کە تێیدا وێنەی هێزی ئەرێنی حزب دەردەخات.

٢- ڕوونکردنەوەی بەرنامە و پلانی حزب کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا جێبەجێبکرێت، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەری.

٣- مارکێتینگ بۆ بەها دیاریکراوەکانی حزب، کە لەگەڵ بەها باوەکانی کۆمەڵدا یەکدەگرێتەوە.

٤- ئامرازێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارە سیاسییەکانیان.

٥- ئامرازێکە بۆ شەڕی دەروونی و سیاسی بەرانبەر بە نەیارەکانیان.

**تایبەتمەندی پەیام لە میدیای پارتە سیاسییەکاندا**

ئەرکی میدیای پارتە سیاسییەکان لە ڕێگای پەیامە میدیایەکانییەوە دەردەکەوێت کە هەندێکیان ئاڕاستەی جەماوەری گشتی دەکرێت، هەندێکیشیان ئاڕاستەی لایەنگران و جەماوەر و دەنگدەری پارتەکە دەکرێت بەمشێوەیە:

یەکەم: دارشتنی پەیام بۆ جەماوەر بەگشتی: ئەرکی ئەم جۆرە پەیامە بۆ بەشداری سیاسی و دەستەمۆکردنی سیاسی و زیادبوونی ژمارەی لایەنگر و ئەندامانی حزب و بەرگرییە لە بەرنامەی حزب و زۆر جار دەبێتە بەشێک لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن و پاڵپشتیکردن لە گفتوگۆ سیاسییەکانی حزب و قایلکردنی ڕایگشتی بە ئایدۆلۆجیا و تێڕوانینە حزبییەکان و نیشاندانی وێنەی هێزی پۆزەتیڤی حزبی لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵات و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و پشتیوانی کردن لە دیبلۆماسییەتی حزبی و لە پەیوەندییەکاندا(١٠)، ئەمجۆرە پەیامە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، بۆیە دەبێت هاوسەنگی لە نێوان لایەنگیری ڕاستەوخۆی پارتەکە و بابەتی بووندا بکرێت، بە تایبەت لە ڕوومالی هەواڵ و ڕووداوەکاندا، دەکرێت لە پەیامەکاندا لایەنگیری حزبی هەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەتوانرێت گوتارێکی هاوسەنگ و بابەتی و پرۆفیشناڵ و متمانەبەخش پەخش بکات، نەک تەنها ببێت بە ئامرازێکی پڕوپاگەندەیی، چونکە لەم جیهانە پڕ لە ئەلتەرناتیڤە میدیا و زانیارییەدا، ناکرێت میدیا بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بە گشتی تەنها وەک مینبەری ڕاستەوخۆی پارتێکی سیاسی مامەڵە بکات(١١).

دووەم: دارشتنی پەیام بۆ ئەندامانی پارتە سیاسییەکان: ئەرکی میدیای پارتە سیاسییەکان برێتییە لە پاراستنی کادر و ئەندامانی حزب و ئاڕاستەکردنیان بەو زانیاری و ئاڕاستە حزبیانەی کە کۆششیان دەکات و ئامادەیان دەکات بە بیری حزبی، بۆیە میدیای پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی پڕوپاگەندەیی حزبی و ڕەخنەگرانەی ناوخۆییش لە ئەستۆدەگرێت و پەیامی پەیکەری ڕێکخستنی پارتەکە ئاڕاستە دەکات، بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا زۆرجار میدیای پارتە سیاسییەکان لە بری ئەوەی ئامرازێکی پڕوپاگەندەیی حزبی بێت، دەبێتە سەکۆی ڕەنگدانەوەی کێشە ناوخۆییەکان و کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی پارتەکە دروستدەکات(١٢).

**میدیای پارتەکان لەسایەی سیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا:**

پێگەی میدیای پارتە سیاسییەکان و شێوازی کارکردنی لە نێو سیستمە سیاسییەکاندا چون یەک نین و پەیوەستە بە فۆرمە جیاوازەکانی سیستمی سیاسی، لێرەوە قسەکردن لەسەر پێگەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە نێو سیستمە سیاسییەکاندا کۆمەڵێک پرسیاری گەوهەری بەدوای خۆیدا دێنێت، لەوانە ئایا

میدیای پارتە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ نێوەندێکە بۆ پڕوپاگەندە کردن و لەلایەن کارەکتەرە سیاییەکانەوە بەگەڕ دەخرێن؟ یاخود پارتە سیاسییەکان ناڕاستەوخو مامەڵە لەگەڵ میدیا دەکەن و هەوڵدەدەن خۆیان نەبەستنەوە بەیەک جۆر میدیاوە؟ ئەزموونی پراکتیزەکردنی میدیا لەسایەی سیستەمە سیاسییە جیاوازەکاندا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، بە جۆرێک لە نێو هەندێک سیستەمدا میدیا ئامرازێکە بۆ پڕوپاگەندە کردن(١٣)، لەنێو هەندێک سیستەمی دیکەشدا میدیا خۆی بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەزانێت، سەرەنجام جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان میدیا و پارتە سیاسییەکانی نێو سیستەمە سیاسییەکە دروست دەبێت(١٤). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم شێوەیە پێگەی میدیای پاتە سیاسییەکان لە سایەی سیستەمە سیاسییەکاندا بخەینەڕوو:

### میدیای پارتە سیاسییەکان لەنێو سیستەمە سیاسییە دەسەڵاتگەراکاندا:

مەبەست لە سیستەمی سیاسی دەسەڵاتگەرا ئەو سیستەمە سیاسییانەیە کە لەسەر بنەمایەکی تاکڕەوی جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵات بەڕێوە دەبرێت(١٥)، ئەم فۆڕمە لە سیستەمی سیاسی بە چەند شێوەیەکی جیا جیا دەردەکەوێت، وەک سیستەمی پاشایی ڕەها، سیستەمی تاکڕەوی دیکتاتۆری، سیستەمی دیکتاتۆری سەربازی، هەروەها سیستەمی سیاسی تۆتالیتاری، ئەگەرچی لە هەندێک لە سەرچاوە زانستییەکاندا سیستەمی تۆتالیتاری بە شێوەیەکی جیاواز لە سیستەمی دەسەڵاتگەرایی تەماشا دەکەن، بەڵام لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ سیستەمی سیاسی دەسەڵاتگەرایی یەک دەگرێتەوە، ئەوەی جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لە سیستەمی تۆتالیتاریدا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە ڕێی ئایدۆلۆجیایەکی پەسەندکراوەوە هەوڵی پاوانکردنی تەواوی پایەکانی ژیان دەدات و ڕێگە بە دەنگی دیکە نادرێت و کار بۆ تواندنەوەی هەموو هەڵسوکەوت و بوارەکانی ژیان دەدرێت لە بۆتەی ئایدۆلۆجیای فەرمانڕەوادا(١٦).

میدیای پارتە سیاسییەکان لەم جۆرە سیستەمە سیاسییانەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە سیاسییەیە کە سیستەمەکە چەسپاندویەتی. بەو پێیەی ڕوخسار و تایبەتمەندی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتگەرا چون یەک نین و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت، شێوازی کاری میدیای پارتە سیاسییەکانیش چون یەک نین، بۆ نمونە لە نێو هەندێ سیستەمی سیاسی دەسەڵاتگەرادا میدیایەک نییە بە ناوی میدیای پارتە سیاسییەکان، چونکە لە بنەمادا پارتی سیاسی بوونی نییە و بەپێی یاسا ڕێگە بە بوونیان نادرێت، لە نێو هەندێ دەوڵەتی دیکەشدا کە پەیڕەوی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتگەرا دەکەن ڕێگە بە بوونی میدیای پارتی سیاسی دەدەن، بەڵام هەر یەکەو بە شێوەیەک، واتە دۆخی میدیای پارتە سیاسییەکان بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەون، هەندێ جار میدیای پارتی فەرمانڕەوا دەبێتە زمانحاڵی دەوڵەت و گوزارشت لە سیاسەتی دەوڵەت دەکات، هەندێ جاریش لە پاڵ میدیای پارتی فەرمانڕەوا ڕێگە بە کردنەوەی میدیای ئەو پارتە سیاسیانە دەدرێت، کە دەسەڵاتی سیاسی ڕێگەیان پێدەدات، بە مەرجێک لە فەرمان و ڕێنماییەکانی دەسەڵات دەرنەچن، واتە گەر هەر سەرپێچییەکیان کرد ڕاستەوخۆ دادەخرێن، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ میدیای پارتە سیاسییەکان پاڵپشتی لە هەموو بڕیار و کار و کردەوەیەکی دەوڵەت بکەن، لە فەرمانەکانی دەرنەچن، چونکە خاوەندارێتی میدیایی بە گشتی خاوەندارێتییەکی گشتی دەوڵەتییە و وەک تەواوی دامەزراوەکانی دیکەی نێو سیستەمەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەتەوە هەیە و لەژێر چاودێری بەرپرسانی دەوڵەتدا بەڕێوەدەبرێن، بەڵام هەندێ جار ڕێگە بە کەس و ڕێکخراوی سیاسی دەدرێت میدیای خۆیان هەبێت، بە مەرجێک لەژێر چاودێری دەسەڵاتدا بێت و ستراتیجی یەکەمیان خزمەتکردنی دەسەڵات بێت، لە کاتی بوونی میدیایەکی لەو شێوەیەشدا دەبێ بە فەرمی داوای مۆڵەت لە دەسەڵات بکرێت،

هەر کاتێکیش دەسەڵات ئارەزووی هەبێت دەتوانێت دایبخات)١٧).

شێوەیەکی دیکەی میدیای پارتی سیاسی لە سایەی سیستمە دەسەڵاتگەراکاندا، سیستمی سیاسی سۆڤێتییە کە هەندێک جار بە سیستمی سیاسی سۆسیالیستی ناوزەد دەکرێت، لەم جۆرە سیستمەدا تەنها رێگە بە میدیای پارتی کۆمونیستی فەرمانڕەوا دەدرێت خاوەندارێتی میدیا بکات و بەڕێوەی بەرێت لە پێناو خستنەگەڕی بۆ خزمەتکردنی کۆمونیستی و سۆسیالیستی(١٨).

میدیای پارتە سیاسییەکان لە سیستمی سیاسی

> سەدەی بیست بە قۆناغی زێڕینی میدیای پارتە سیاسییەکان دادەنرێت

دەسەڵاتگەرایی و تۆتالیتاریدا بە پلەی یەکەم میدیای پارتی فەرمانڕەوایە کە یەکسانە بە میدیای دەوڵەت، دەبێ هەموو ئەوانەی لە میدیای پارتە سیاسییەکاندا کاردەکەن لە فەرمانەکانی پارتەکانیان دەرنەچن، سانسۆری پێش وەختیش دەخرێتە سەر بابەتەکانیان و گەر هەر شتێک لە دژی پارتە سیاسییەکانیان بڵاوبکرێتەوە، سزادەدرێن، ئەگەر جۆرێک لە ئازادیش ببەخشرێت بە میدیاکاران ئەو ئازادییە لە سنورێکی دیاریکراودایە و پەیوەستە بە چەند بوارێکی دیاریکراو، نابێت بە ئاراستەی ڕەخنەی توندی سیاسیدا بڕوات، ئەگەر میدیاکارێکیش پابەندی نەبێت سزا دەدرێت، چونکە کاری ئەو پروپاگەندە کردنە بۆ جوان کردنی ڕووخساری ئەو پارتەیە لە نێو جەماوەری ناوخۆییدا(١٩).

## دۆخی میدیا لە سایەی سیستمە سیاسییە دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوادا

لە سیستمی سیاسی دیموکراتیدا گەل لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەری خۆی بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتی کردنی وڵات دیاریدەکات، ئەم جۆرە لە سیستمی سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و بەچەند شێوەیەکی جیا دەرکەوتووە، وەک سیستمی سیاسی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و تێکەڵ(٢٠)، بۆیە لەم جۆرە سیستمە سیاسیانەدا کێبڕکێیەکی بەهێز لە نێو پارتە سیاسییەکاندا هەیە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، میدیاش تیایدا فاکتەرێکی گرنگە بو سەرکەوتنی ئەو پارتانە لە کێبڕکێ سیاسییەکاندا، بەڵام شێوازی بەکارهێنانی میدیا لەلایەن ئەو پارتە سیاسیانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لەوەی لە سایەی سیستمە سیاسیە دەسەڵاتگەراکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بوونی هەیە.

پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا تا سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست خاوەنی میدیای تایبەت بە خۆیان بوون، بەو پێیەی ئەو قۆناغە وای دەخواست هەریەک لەو پارتە سیاسیانە لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی خۆیانەوە هەم چالاکی و هەم پەیوەندی گشتی پارتەکانیان بەرەوپێش بەرن، بەڵام لەگەڵ گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی ڕەوتی میدیا و ئازادی ڕادەربڕین، زۆرینەی ئەو پارتانە دەستبەرداری ئەو شێوە تەقلیدییەی کاری میدیایی بوون، لە ئێستاشدا گەر پارتێکی سیاسی خاوەنی میدیای خۆی بێت، ئەوا بە شێوازێکی جیا لە جاران کاردەکات، تەنانەت لە بواری ئابووریدا میدیای پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن خۆیان، خۆیان بەڕیوەبەرن، واتە تەنها پشت بەو داهاتە نەبەستن کە لەلایەن پارتی سیاسی و



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

دەوڵەتەوە بۆیان تەرخان کراوە، لە هەمان کاتدا زۆر لەو پارتە سیاسیانە بە شێوازی جیاواز سود لە میدیا وەردەگرن، واتە ڕاستەوخۆ خۆیان نابەستنەوە بەهیچ کەناڵێکی دیاریکراوەوە، بەو پێیەی ئەوان دەیانەوێت سەراپای کەناڵەکان بەکاربهێنن بەشێوەی جیا، لەگەڵ ئەوەشدا خودی میدیا لەو دەوڵەتانەدا بە ڕواڵەت سەربەخۆن، بەڵام لەئاست بڕیار و ڕووداوە چارەنووس سازەکاندا هەڵوێستیان هەیە، هەندێکیشیان مۆرکێکی حزبی و ئایدۆلۆجیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەو میدیایانەوە دیارە . بە واتایەکی دیکە میدیا لە سایەی سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەست نین بە پارتێکی سیاسیی دیاریکراوەوە، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی سازاندنەوە پەیوەستن بە هێڵێکی فیکری ئایدۆلۆجی و هاوشێوەی پارتە سیاسییەکان بەرگری لەو هێڵە دەکەن، لەم نێوەندەدا میدیا و پارتە سیاسییەکان هاوتەریب لە بوارە سیاسییەکاندا کاردەکەن و دەبنە دوو دیوی دراوێک، لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لە پێنج وڵاتی خۆرئاوادا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، سوید، فەرەنسا، ئیتالیا) ئەنجام دراوە ئەوەی دەرخستووە کە میدیا دیارەکانی ئەو وڵاتانە هاوشێوەی پارتە سیاسییەکان بەسەر ئایدۆلوجیای سیاسی چەپ، ڕاست، ناوەندا دابەش بوون(٢١).

بۆ نمونە ڕۆژنامەکانی تایمز و دەیلی تەلەگرافی بەریتانی ئەگەرچی ڕۆژنامەیەک نین ڕاستەوخۆ لەلایەن پارتی پارێزگارانی ئەو وڵاتەوە بەڕێوەببرێن، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی سازاندن و بڵاوکردنەوەوە پشتگیری لە هێڵی سیاسی پارێزگاران دەکەن و دژی سیاسەت و بۆچوونەکانی پارتی کرێکارانی ئەو وڵاتەن، تەنها ئەوکاتە پشتگیری سیاسەتی پارتی کرێکاران دەکەن کە لەگەڵ سیاسەتی پارتی پارێزگاراندا یەک دەگرنەوە، لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی گاردیان بە پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی تایمز و دەیلی تەلەگراف پشتگیری لە هێڵی فیکری و ستراتیجی پارتی کرێکاران دەکات، زۆربەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانی بەوە ناسراون، کە مەیلێکی ئایدۆلوجی چەپگەراییان هەیە(٢٢).

پێگەی میدیای پارتە سیاسییەکان لە سایەی سیستمە سیاسییە دیموکراتییەکاندا لە زۆرێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بە ڕوونی بەرجەستە بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت میدیای پارتە سیاییەکان لەو سیستمانەشدا هەڵگری کێشەی خۆیانن، چونکە بەو پێیەی میدیا کار لەسەر یاسای بازاڕ و قازانج دەکات و بێ کۆت و بەند زانیاری بڵاودەکاتەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، زۆرجار وادەکات لە ڕووی ئینتیکییەوە سنوری کۆمەڵایەتی و سیاسی ببەزێنێت، ئەمە جگە لەوەی زۆر جار بۆ وەدەست هێنانی قازانج دەبنە پاشکۆی سەرمایەدارەکان، یاخود سەرمایەدارە گەورەکان قۆرخی بازاری میدیا دەکەن لە ڕێگەی بە کۆمپانیا کردنی میدیاوە، واتە سەرمایەدارەکان پاوانی بازاڕی میدیا دەکەن، سەرەنجام پاوانی ئاڕاستە سیاسییەکانی هێڵی فیکری پارتە سیاسییەکان دەکەن، ئیدی ئەوەی سیاسەتی میدیاکان دادەڕێژێت سەرمایەدارەکانن و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەوان سانسۆر بەسەر میدیاکاراندا دەسەپێنن(٢٣).

## میدیای پارتە سیاسییەکان لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردندا

ئەو گۆڕانکاریانەی میدیا لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای میدیا بە خۆیەوە بینیوە بە تایبەت دوای گەشەکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت و سەرهەڵدانی میدیای نوێ، کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکەوتنی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و دەرکەوتنی هاوڵاتی ڕۆژنامەنووس، ستراکچەری کاری میدیایی بە شێوەیەکی گشتی و میدیای پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ئێستا پارتە سیاسییەکان لەوە تێگەیشتوون کە چی دیکە وەک جاران ناتوانن میدیا قۆرخ بکەن، هەروەک ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەی لە ئارادایە زیاد لە ئەلتەرناتیڤێکی خستووەتە بەردەم جەماوەر و چی دیکە ئەوان ناتوانن وەک جاران هەمان مامەڵە لەگەڵ میدیادا دووبارە بکەنەوە، بەتایبەت گەشەکردنی

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

سۆشیال میدیا بۆتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم میدیای پارتە سیاسییەکان و میدیای ئاڕاستەکراوی فەرمی دەوڵەتەکان(٢٤).

لەم سۆنگەیەوە ئادێت سنایڵی ڕۆژئاوایی لە میدیای حزبی لە سەر ئاستی جیهان بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر پەرەدەسێنێت، کە بەکارهێنانی میدیایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەخشینی سەربەخۆییە بەکاری میدیاکاران و دروستکردنی هەماهەنگییە لەگەڵیان، هەروەها مامەڵەکردنە لەگەڵ میدیا بە یاسای بازاڕ، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی میدیا و بە کۆمپانیا کردنی میدیا و کۆنترۆڵ کردنی تەکنەلۆجیا و کۆنترۆڵ کردنی ئەو عەقڵانەیە کە ناوەرۆکەکان بەرهەم دێنن، بەڵام ئەو هێزە سیاسیانەی توانای ئەو کۆنترۆڵ کردنەیان هەیە بە پلەی یەکەم ئەوانەن کە خاونی هێزی ئابوورین، کە بە زەبری سەرمایە بوار بۆ ئەوانی دی ناهێڵێنەوە و سەرەنجام وادەکات هەژموونی خۆی بسەپێنێت، هەر ئەو هێزەشە ئەو پەیامانە دیاری دەکات کە دواجار لە بەرژەوەندی خۆیدایە، بەو پێیەی پاوانکردنی میدیا وا دەکات لە یەک کاتدا زانیارییەکان و بیروبۆچونەکانیش پاوان بکرێن و هەموان پێکەوە لە پێناو بەرژەوەندی یەک گۆشە نیگادا بخرێنەگەڕ، ئەم سنایڵەی کاری میدیایی پێشتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و توانیویەتی کۆنترۆڵی بوارە جیاجیاکانی بکات و کاریگەری بکاتە سەر ڕایگشتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی(٢٥).

گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە زادەی گۆڕانی دۆخی سیاسی و گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکانە، لە ئێستادا پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ڕاستەوخۆ خۆیان نەبەستنەوە بەیەک جۆر میدیاوە، یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی میدیایەکی فەرمییەوە بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە بەپێی ئەزمون دەرکەوتووە لە ئێستادا میدیای ئاڕاستەکراوی پارتە سیاسییەکان هەندێک جار بە شێوەیەکی نێگەتیڤ بۆسەر پارتە سیاسییەکە شکاوەتەوە، بەتایبەت بەرگری زۆر لەیەک ئاڕاستەوە و ڕێگە نەدان بە دەنگی جیاواز وای کردووە جەماوەر بە جۆرێک لە بەرگری کوێرانە لە قەڵەمی بدەن و ئەو میدیایە بە نوێنەری خۆیان نەزانن، واتە میدیا لە بری جوانکردنی پارتی سیاسی، بۆتە ئامرازێک بۆ ناشیرین کردنی، هاوشێوەی ئەوەی کاتێک ڕیکلامێکی خراپ بۆ کاڵایەک دەکرێت، لەبری ئەوەی کڕیاری بۆ زیاد بکات، کڕیاری لێ دوور دەخاتەوە.

**دەرەنجام**

میدیای پارتە سیاسییەکان یەک هێڵی ئایدۆلۆجی ئاڕاستەیان دەکات، جا ئەو پارتە لە دەسەڵاتدا بێت، یان لە دەرەوەی دەسەڵات، بەڵام لە ئێستادا میدیای پارتە سیاسییەکان لە نێو ئاستی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری و فرەیی کەناڵ و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و زانیاری ناتوانن بە شێوە تەقلیدییەکەی جاران، ببێتە تاکە سەرچاوە بۆ ژیانی مادی و هزری مرۆڤەکان. بۆیە ئادێت سنایڵی میدیای وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێو جیهاندا بڵاودەبێتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ئاڕاستەکردنی پەیامە سیاسییەکاندا، ئەم هەنگاوەی پارتە سیاسییەکانیش هەوڵێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەی شۆڕشی زانیارییەکان دروستیکردووە، بۆیە لەم قۆناغەدا میدیای کلاسیکی پارتە سیاسییەکان و تاک جەمسەر و ئاڕاستەکراو بە زەحمەت دەتوانێت کێبڕکێی بکات، ئەمەش وایکردووە بەردەوام فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان دروست ببێت و بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی میدیاییدا بگەڕێن کە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و تەکنەلۆجییەکانی سەردەمدا بگونجێت.


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

## سەرچاوەکان:

(١) أمل عبد الهادى حمد طوبن، وسائل الإعلام الفلسطيني وأثرها في الانقسام السياسي ٢٠٠٦-٢٠٠٩، رسالة ماجستير، غزة، جامعة الازهر، كلية الاقتصاد و العلوم الادارية، قسم العلوم الساسية، ٢٠١٠، ص٦.

(٢) الاعلام الحزبى وتحدياتة، albaathmedia.sy/٢٠١٧/٠٧/٠٣/الاعلام-الحزبى-وتحدينه-فى-حلقة-نقاش/

(٣) خلف جمال خلف، اعتماد الصحف الحزبية على الشعب واثره على لتنمية السياسية فى الضفة الغربية و قطاع غزة، رسالة ماجستر غير منشوره، فلسطين، نابلس،جامعة النجاح الوطنية، كلية التخطيط والتنمية السياسية،٢٠٠٨، ص٦٩ .

(٤) موفق مطر، الاعلام الحزبى بين التناقضين الرئيس والثانوى، موقع الحياة الجديدة، https://pw.u٢/٦kPRn

(٥) محمود عكاشة، خطاب السلطة العالمى نحو تجديد لغة الخطاب، القاهرة، مكتبة دار المعرفة، ط٢، ٢٠٠٧، ص٤٦.

(٦) خلف جمال خلف، مصدر سابق، ص٦٣.

(٧) محمود عكاشة، مصدر سابق، ص٤٦.

(٨) غازى محمود الجعل، المعالجة الصحفية الاتفاق وى بلنتيشن فى الصحافة الحزبية لفلسطينية، «صحيفتى الرسالة والكرامة» درسة تحليلية مقارنة، فلسطين، غزة، الجمعة السالمية، كلية الاداب، ١٩٩٩، ص١٨

(٩) محمود عكاشة، مصدر سابق، ص ٤٦.

(١٠) ربح الصادق، الاعلام الرقمى و حزب الامة، فلسطين، دائرة العلم و لثقافة، ورقة العمل، ص٣-٤.

(١١) المصدر نفسة، ص ٤.

(١٢) امل عبد الهادى حمد طوبن،، مصدر سابق، ص ٦٨.

(١٣) د.يحيى اليحيوى، قضايا فى تجاذبات العلاقة بين الاعلام والاتصال والسياسية، قطر، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٣، ص٦

(١٤) احمد قران الزهرانى، السلطة السياسية والاعلام فى الوطن العربى، مجلة المستقبل العربى، مركز دراسث الوحدة العربية، لعدد ٤٤٥، اذار مارس ٢٠١٦، ص ٤٩

(١٥) د.فاروق ابو زيد، الاعلام والسلطة، القاهرة، علم الكتب، ٢٠٠٧، ص ص ١٢٠-١٢٥.

(١٦) د.صالح جواد الكاظم، د.على غالب العانى، النظم السياسية، وزارة التعليم العالى و البحث لعلمى، جامعة بغداد، كلية القانون، ١٩٩٠، ص ص ١٣-١٩.

(١٧) د. محمد بن سعود البشر، مقدمة فى الاتصال السياسى، الرياض، مكتبة العبيكان، ١٩٩٧، ص ص ٧٧-٧٨.

(١٨) د.جاسم فلحى الموسوى، نظريات الاعلام والاتصال الجماهيرى، الاكاديمية العربية المفتوحة فى الدنمارك، بدون سنة الطبع، ص ٥٩.

(١٩) د.يحيى اليحيوى، مصدر سابق، ص ٧.

(٢٠) د.عبد العالى عبد القادر، النظم السياسية المقارنة، جامعة سعيدة الدكتور مولى الطاهر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠٠٨، ص ص ٤٠-٤٥.

(٢١) توماس اى.بترسون، الادوار السياسية للصحفيين، عن كتاب سياسة الاخبار و الاخبار السياسية، ترجمة د.زين النجاتى، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٤، ص ص ٣٩-٤٥.

(٢٢) فيصل القاسم، خرافة الاعلام الحر، موقع الحوار المتمدن، www. ahewar. org/debat/show. art. asp? aid=٥٢١١٠&r=٠.

(٢٣) نعوم تشومسكى، السيطرة على الاعلام، تعريب اميمة عبد للطيف، القاهره، مكتبه الشروق الدوليه، ٢٠٠٣، ص ص ١١-١٢.

(٢٤) عبدلله ممدوح مبارك الرعود، دور شبكات التواصل الاجتماعى فى التغيير السياسى فى تونس ومصر من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين، رساله ماجستير، جامعة الشرق الاوسط فى الاردن، كلية الاعلام،٢٠١٢، ص ٦٢.

(٢٥) د. فاروق خالد، الاعلام الدولى ولعولمة الجديدة، عمان، دار الاسامة، ٢٠٠٨، ص ١٣٩.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS